# چەمکی چەواشەو درۆئامێزی "برایەتی"

شاخەوان شۆڕش

لەچوارچێوەی پۆلیتیکی عێراقیبوون و عێراقچێتیدا، گەورەو بچووکی بەرپرسانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، هەروەها ڕاگەیاندنەکانی سەربە هەردوولا زۆر بەخەستی دەستیانکردووە بەبەکارهێنانی هەندێ چەمکی چەواشەی وەك چەمکی برایەتی کوردو عەرەب، یا برایەتی کوردو تورکمان، یا برایەتی کوردو عەرەب و تورکمان، یا بەکارهێنانی ووشەی برا عەرەبەکانمان یا برا تورکمانەکانمان هتد. . هەردوو دەسەڵات هەوڵێکی زۆر بۆ سەپاندنی ئەم چەمکانە لەپاڵ چەمکە ناوازەکانیتر بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەدەن. دیارە ئەوان لەم هەوڵەیاندا تارادەیەکی زۆر سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەزۆربەی خەڵکی کوردستان سەیری دەمی ئەوان و هەڵسوکەتی ئەوان دەکەن. ئەم هەڵمەتە گەورەیەی بەعێراقیکردن و بەکارهێنان و سەپاندنی ئەم چەمکانە لەچوارچێوەی پۆلیتیکی عێراقچێتی وایکردووە گەلێ لەپارتە رامیاریەکانیتریش، ئەوانەی کەکوردستانیشن و داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، نائاگایانە ئەم چەمکانە بەکاربهێنن و بکەونە سەنگەری عێراقچێتیەوە.

ڕاگەیاندنەکانی هەردوولا، بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکانیان یەکلایەنەو هەریەکەو بەگوێرەی بەرژەوەندیو پۆلیتیکی پارتەکەی پرۆگرامە جیاجیاکانی پەخش دەکات، لەسێبەری مەبەستی پۆلیتیکیانەیاندا دوو جیهانی جیاواز لەیەکتر، دوو بیرو لێکدانەوەی جیالەیەکتر لەبوارە جیاجیاکاندا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەرخواردی بینەرو بیسەرو خوێنەرانی کوردستان دەدەن. هەریەکەیان بەووتەی پر لەووشەی بریقوباق و ڕازاوەو ئەفسوناوی بانگاشەی گەورەییو بێهاوتایی خۆی دەکات، ناراستەوخۆ بوونی ئەویتر و خەڵك و پارت و ڕێکخراوەکانیتر ڕەتدەکاتەوە. بەکورتی ئەوان لەهەموو مێژووی خەباتیاندا قارەمان، میهرەبان، چاکەخواز، بەبەزەیی، پشووفراوان و سەرکەتووبووینەو هەرگیز نەکەوتوونەتە هەڵەوە، ئەگەر ئەوان نەبوونایە نەتەوەی کورد تێچووبوو! ڕاگەیاندنەکانی هەردوولا، بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکانیان جگەلەوەی لەدوو گۆشەنیگای جیاوە لەبابەت و ڕووداوەکان دەدوێن، هەردوولایان یەکلایەنە باسی ناوچە کوردستانیە ڕزگارکراوەکان دەکەن ئەوان تەنها باس لەئاهەنگ و خۆشیو شادی خەڵکە ڕزگارکراوەکە دەکەن، باس لە"برایەتی" کوردو عەرەب و تورکمان دەکەن! ئەوان نایەن ریالیستانە سەیری ناوچەکە بکەن و ریالیستانە باسیش لەبارودۆخی ناوچەکان بکەن، ئەوان نایەن باسی ناکۆکی یا شەڕو پێکدادانەکانی نێوان ڕەگەزە جیاوازەکان بکەن و هەوڵدەن هۆکارەکانی ڕوونکەنەوەو دەمەتەقێی ئەگەری چارەسەرەکان بکەن. ئەوان نایەن باس لەکێشەی مانەوەی عەرەبەهاتووەکان و پارێزگاریان لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە بکەن و ڕوونی بکەنەوە بۆچی ئەم کێشەیە واماوەتەوە و واکەوتەوە، هەروەها ئەوان ئەلتەرناتیڤیان بۆ ئەگەرە نێگەتیڤەکان چییە. ئەوان نایەن باس لەرۆڵی خراپی تورکیا لەکەرکوك بکەن و ڕوونی بکەنەوە کەئەوان دەتوانن لەبەرامبەر ئەمەدا چیبکەن. بەکورتی ئەوان تەنها ئەو دیوەی ڕووداوەکان باسدەکەن کەخۆیان ئارەزوویانەو کێشەیان بۆ دروستناکات و لەگەڵ بەرژەوەندی ڕامیاریاندا دەگونجێت. بەشێوەیەکی دیکە ئەوان تەنها یەکدیوی ڕووداوەکان باسدەکەن و خۆیان لەم ڕووداوانەی کەحەزی لێناکەن دەبووێرن. دیارە ئەمە دەبێتە هۆیئەوەی کێشەکان تاڕادەیەك بەشاراوەیی و داپۆشراوی بمێننەوە، بەمجۆرە ناتوانرێ وەکو پێویست دەمەتەقێ، ڕاگۆڕینەوەو چارەسەر بۆ کێشەکان دیاربکرێت. ئەمە جگەلەوەی خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خۆیەتی لەتەواوی ڕووداوەکان بەهەموو لایەنەکانیەوە بگات و بۆی ڕوونکرێتەوە لەبەرچی چارەسەر نییە یا لەبەرچی کێشەکە واچارەسەرکرا؟ پێویستە هەردوو دەسەڵات و ڕاگەیاندنەکانیان "ئەوان خۆیان" باس لەهەمووﻻیەنەکانی کێشەکان بەباش و خراپیەوە بکەن، نەك لەچاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزیۆنی لەگەڵ بەرپرسێکی کوردا، بەهۆی پرسیاری بینەرو گوێگران ناچاربکرێن لەم بابەتانە بدوێن. یا لەچاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ کەناڵێکی ڕاگەیاندنی بێگانە وەڵامی پرسیاری لەم بابەتە بدەنەوە. یا ڕۆژنامەو هەفتەنامە ئەهلیەکان بەپێی توانا سەروگوێی ڕووداوەکان بشکێنن.

بابێینەوە سەر چەمکی "برایەتی" و بزانین ئەم چەمکە بۆ ناڕاستەو چەواشەیە. پێویستە بگوترێ بەکارهێنانی چەمکی برایەتی و فێرکردنی خەڵکی کوردستان بۆ گووتنەوەی ئەم چەمکە، هەوڵ و کۆششی زۆر بەمەبەستی سەپاندنی ئەم چەمکە جێگای ڕەخنەی زۆرە. دیارە خەڵکی کوردستان لەگەلێ بواردا ئەوەی سەلماندووە کەملکەچی سەرکردایەتی کوردەو سەرکردەکان چۆنیان بوێ ئەوانیش وایانکردووە، بۆیە ئەم هەوڵە یا هەولی لەمشێوەیە چەواشەکردنی خەڵکی کوردستانە. هەربۆیەش ڕەخنەکە لێرەدا ئاراستەی

پارتەکانی کوردستانە، بەتایبەتی پارتە دەسەڵاتدارەکان. ئەم چەمکە لەگەڵـێ لایەنەوە ناگونجاوەو رەخنەهەڵدەگرێ، یەکەم، کوردو عەرەب یا کوردو تورکمان لەیەك دایك و باوك نین تا پێیان بگوترێ برا. دووەم، بەرەچەڵەك کورد سەر بە نەژادی ئاری و ئەوان سەر بەنەژادی سامین، بۆیە لەمروانگەیەوەش ناکرێ چەمکی برا بەکاربهێنرێ. سێیەم، بەدرێژایی مێژووی هاتنی ئەوانە بۆ کوردستان هەر لەسەردەمی هاتنی ئیسلامەوە تائێستا، پەیوەندی ئەم نەتەوە جیایانە لەگەڵ یەکتر باش نەبووەو هەمیشە پربووە لەجەنگ و ناکۆکی. ئەمە جگەلەوەی ئەوانە رۆڵی نەتەوەی داگیرکەرو چەوسێنەریان گێراوەو وەك داگیرکەر هاتوونەتە کوردستان و بەسەدان و هەزاران قەسابخانەیان دژی کورد لەمێژووی کوردا تۆمارکردووە. بۆیە رابردووی پەیوەندی ئەم نەتەوانە لەگەڵ یەکتر هێندە باشنەبووە تاوابکات لەخۆشەویستیان ووشەی برا بەکاربهێنرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دڕندەیی ئەم نەتەوە داگیرکەرانە هەموو سنوورێکی بەزاندووە. ئەگەر مەبەست ئەوەیە کەوا ئەم چەمکە بەمەبەستی ئاشتبوونەوەو تەبایی دروستکرنەو مەبەستێکی رامیاری بەدواوەیە، ئەوا دیسان بەکارهێنانی چەمکی لەم شێوەیە رەخنە دەگرێتەخۆیی و گونجاو نییە. ئەوان پێویستیان بەم ماستاو ساردکرنەوەیە نییەو پێویستە راشکاوانەو ریالیستانە باس لەپەیوەندی خراپی رابردوو و هۆکارەکانی ئەم خراپیەو ناڕێکییە بکەن. هەروەها راشکاوانە باس لەهەوڵی چارەسەر و باشکردنی پەیوەندی نێوان رەگەزەجیاجیاکان بکەن و ئامادەیی خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕن، ئەمە ئەگەر نەتەوە ناکوردەکان دانیان بەمافەمانی کورد ناو رەوایەتی سەربەخۆیی کوردستانیان سەلماند. لەم روانگەیەوە ئەوان دەتوانن چەمکی دیکە کە گونجاوە لەگەڵ بارودۆخەکەو رووی راستەقینەی ناوچەکە بەکاربێنن، نەك چەمکی ناڕاستی برا.

راستە سیستەمی جیهانگیری یا پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە پێویستی بەتەبایی و ئاشتبوونەوەو بەیەکەوە ژیان و هەڵکردن هەیە، بەڵام واتای ئەوە نییە چەمکی چەواشەو ناگونجاو بەسەر خەڵکدا بسەپێندرێ، دەست بەدرۆیان بکەیت و ماستاو بۆ نەتەوەی داگیرکەری باڵادەست سارد بکەیتەوەو بەشانوباڵیدا هەڵبدەیت. هیچ ناسیۆنێك ناتوانێ پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناسیۆنێکیتردا لەسەر بنچینەی خۆگێلکردن لەفاکتەر و راستیە مێژوویەکان، بەکارهێنانی چەمکی فش و چەواشەو درۆ، سەرکەوتووانە دابڕێژێ یا درێژە پێبدات. دیموکراسیەت بەهیچ شێوەیێ حەز بەچارەی چەمکی چەواشەو بەبریقوباق ناکات بەڵکو حەز بەراشکاوی و سەرڕاستی دەکات. دیموکراسیەت حەز بەباسی ووردی جەنگ و ناکۆکیەکانی رابردوو دەکات، لەفاکتەرو هۆکارەکانیان دەکۆڵێتەوەو هەوڵدەدات رێگاچارەو لەیەکترگەیشتن لەنێوان بەرەناکۆکەکاندا بدۆزێتەوە. دیموکراسیەت حەز بەمافی ئازادی تاك، کۆمەڵ، کەمینە، ناسیۆن و ئازادی گەلان دەکات، نەك سەپاندنی سنووری دەستکرد بەسەریاندا هتد. .

ئەم دیاردەیەی بەرزکرنەوەی چەمکی برایەتی کوردو عەرەب یا کوردو تورکمان رەنگە تەنها لەفەرهەنگی پارتەکانی کوردستان دابێ کەبەنەوەی ئەنفالچیەکانی دوێنێ بگوترێ برا! یا بەنەوەی نەتەوەی داگیرکەری باڵادەست بگوترێ برا! عەرەب و تورك وەکو داگیرکەر هاتوونەتە کوردستان و هەمیشە بۆ خەڵکی کوردستان مایەی ماڵوێرانی بووین. کوردو عەرەب و تورکمان هەرگیز لەڕابردوودا برا نەبوون و ناشتوانن لەداهاتوودا ببنە برا، بەڵام دەتوانن لەسەر بنچینەی داننان بەیەکسانی ئازادیو ماف، ببنە دۆستی یەکترو ژیان و دوارۆژێکی هاوکارانەو تەبایانە لەگەڵ یەکتر دروستبکەن.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.